



# دیکۆری دوو پەردە و ڕەنگی جیاواز

لە وەرزی پاییزدا تیشکی خۆر لاواز و بێ هێز دەبێت، بە پێچەوانەی وەرزی هاوین، بۆیە لە دیکۆری ماڵدا ئەو بەشەی پەیوەندیی بەتیشکی خۆر و ڕووناکیی ماڵەوە هەیە، بریتییە لە پەردەی پەنجەرەکانی ماڵ، لە مۆدە و دیکۆرە تازەکاندا، هەندێك پەردە تەنیا بۆ مەبەستی جوانی لە هەندێك شوێنی ماڵدا دادەنرێن کە هیچ تیشك و ڕووناکی لێ نییە، ئەمەش شێوازێکی تازەی بەکارهێنانی پەردەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر بایەخی پێدەدرێ بریتییە لە پەردەی پەنجەرەکانی ژوورەکان کە کۆنترۆڵی ڕووناکی و جوانی ماڵ دەکەن، لە کاتێکدا شێوازی پەردە بە چەندین دیکۆری جۆراوجۆر هەن، بەڵام ئەوانەی جێگەی سەرنج و جوانییە ئەوەیە کە لەگەڵ ڕەنگ و شێوازی کەرەستەکانی دیکەی ماڵدا هاوشێوە و گونجاو بێت، ئەگەر پێچەوانەی ئەو حاڵەتە بێ، هۆکارێکی نەشیاو دروست دەکات لەجوانیی ماڵ، ئەو پەردانەی لە ئێستادا لە دیکۆری ماڵدا بەکاردەهێنرێن، بریتین لە زیاتر لە پەردەیەك و بەشێوازێکی ڕازاوە لەسەر یەکتر دادەنرێ و دیمەنێکی جوانیشی لێ دروست دەبێ، لە کاتێکدا دانانی چەند جۆرێك لە پەردە دیمەنێکی جوان دەبەخشێت، بەتایبەت کاتێك ئەو دوو پەردەیە یان زیاتر، لە دوو ڕەنگی جیاواز و لە یەك نزیك بن.



# ستایل و جوانیی کڵاوی زس

زستانی سارد کاریگەریی لەسەر تەندروستی و جوانیی مرۆڤ دروست دەکات، بەتایبەت خانمان کە پێویستییەکی تەواویان بەوە هەیە لەو وەرزەدا لە سەرمای زستانە پارێزراو بن، بەهۆی ئەوەی سەرما کار دەکاتە سەر بەشەکانی جوانیی جەستە، بەتایبەت ڕووخسار و قژ و پێستی دەست، چونکە ئەو بەشانەی کە باسمان کردن هەردەم بەر هەوای








# گرنگیی رەنگی جلوبەرگ لە زستاندا


لە وەرزی زســـتاندا، بەهای رەنگ زیاتر رەواجی لەسەر دەبـــێ لە هەڵبژاردنـــی جلدا، چونکە هـــەر جلوبەرگێك شـــێوازێکی تایبەتی هەیە لە مۆدە جیاوازەکاندا، دەتوانین لە رێگەی رەنگەکاندا جوانترین مۆدەی جل دابین بکەین و بەتایبەت لە وەرزی زستاندا، بەهۆی ئەوەی جلی زستانە تایبەتمەندیـــی خۆی هەیە و جیـــاوازە لەگەڵ جلەکانی دیکەی وەرزەکاندا، لـــەو وەرزەدا رەنگە تۆخەکان دەبن بە لوتکەی گرنگیـــدان لە هەڵبژاردنی هـــەر جۆرە جلێك، نەشیاوە و ناکرێت رەنگی سوور و زەرد و سەوز لە زستاندا بپۆشـــرێ، بەتایبەت بۆ رەنگی جلی سەرەوە، وەك چاکێت و بلـــووز و بـــۆدی و یان هەر جلێك کـــە دیار بێت، بۆیە دەتوانین لە رێگەی رەنگە تۆخەکان وەك : قاوەیی و رەش و رەساسی و وەنەوشـــەیی کراوە، یان دەتوانین هاوشێوەی ئـــەو رەنگانە ،بەڵام ئاچوخ، واتـــە هەمان ئەو رەنگانە و یان رەنگە کاڵەکانیان، یەکێك لەو جلە ســـەرەکییانەی لەم وەرزەدا دەپۆشـــرێ، چاکێتی درێژ و شـــێوەی جەستەیی (بۆدی )یە، درێژیەکەی تاوەکو ســـەر چۆك یان سەرەوەتر دەبێ و هەر یەکە لەم چاکێتە کاتێك لە رەنگەکانی : رەش و قاوەیی و رەساســـی دەبێ، دەبێتـــە یەکێك لە جوانترین جلی ئەم وەرزە.

## ـــــــتانە

ســـارد و سەرما دەکەون، بۆ هەر یەکەیان چارەسەرێك دانراوە لەلایەن پسپۆرانی بواری جوانکاری و مۆدەدا، سەبارەت بە دەست و پێست، دەکرێ لە رێگەی دەستەوانەوە لەو سەرمایە بیانپارێزین، هەروەها بۆ قژیش، دەتوانین لە رێگەی پۆشینی کڵاوی جوان و رازاوە کە شـــیاو بـــێ لەگەڵ جلوبەرگ و رووخســـاردا، کڵاو هـــەردوو لایەنی جوانی و تەندروســـتی دەبەخشـــێ، لە شـــێوازە جوانەکانی کڵاودا، چەندین بەش و جۆریان هەیە، هەندێکیان لە قوماشـــە یان لە چەرم، بەپێی خواســـتی خانمان دەتوانن چ جۆرە قوماشـــێك یان شێوازێك هەڵبژێرن و لەســـەریان بکەن، دەکـــرێ رەنگی کڵاو بەپێی رەنگی جلەکانەوە یەك بخرێت، ئەوەش بۆ زیاتر گونجاندنی نێوان شێوازی کڵاو و رەنگی جلەکاندا.







# شەقام و جادە بەناوبانگەکانی سلێمانی

سلێمانی شارێکی خنجیلانە و دڵگیرە، مێژوویەکی کۆنی هەیە و ساڵانێکە ژیانی تێدایە، لەو شارەدا چەندین شەقامی هەیە کە ناوبانگێکی زۆریان هەیە، تەنانەت هەندێك لەو شەقامانە ئەمڕۆ بۆتە شوێنێکی بازاڕکردن و پیاسەکردنی خەڵك لەو شەقامانە لەوانە : شەقامی : سالم و سەهۆڵەکە و مەولەوی و سابوونکەران و تووی مەلیك و شەقامی ئۆرزدی و چەندین شوێنی دیکەش، کە لە پێشوودا شەقامێکی باو و دیار بوو، لەم وێنانەدا هەر یەکە لە شەقامی سابوونکەران لە ساڵی (١٩٤٩) و شەقامی سالم لە ساڵی (١٩٥٦) و شەقامی مەولەوی ساڵی (١٩٦١) وێنەی گیراوە، تەنانەت ئەمڕۆش ئەو شوێنە دێرینانە بوونەتە شوێنگەیەکی گەشتیاری و خۆش و بازرگانی و بازاڕکردن بۆ خەڵکی ئەو شارە، جێگەی باسیشە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا، خەڵکی شارەکانی دیکەی عێراق و دەرەوەی وڵاتیش روو لەو شارە دەکەن و سەردانی ئەو شەقام و جادە دێرینانە دەکەن.

## هەڵەی هونەری!


لە دراماو فیلمە سینەماییەکاندا، زۆر جار هەڵەی جوان و سەیر دەبینین، کە لەلای بینەردا ئاشکرا دەبێ بێ ئەوەی ستافی وێنەگرتن ئاگاداری بن، تا ئەو کاتەی نمایش دەکرێ، لەم گرتە فیلمەدا کە باس لە بابەتێکی مێژوویی کۆنی کۆرییەکان دەکات، بەڵام لە






## سنوورێکی سەیر!

وڵاتانی جیهان هەر یەکە بەپێی یاسا و داب و نەریتی خۆی کارەکانی بەڕێوە دەبات، ئەمەش دەکەوێتە سەر پێشکەوتنی ئەو وڵاتە لە گشت بوارەکاندا، بەتایبەت لە بواری پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و یان ئەو وڵاتانەی هاوسنوورن لەگەڵ یەکتر، یەکێك لە سەیرترین سنوورەکانی نێوان وڵاتانی جیهان، ئەویش سنووری نێوان وڵاتی بەلجیکا و هۆڵەندایە، لەو کاتەی تەنیا هێڵێك لە یەکتریان جوودا دەکاتەوە، هێڵەکەش دەکەوێتە شوێنێکی گشتی و لەناو بازارەکاندایە، وەك لە وێنەکەدا دەبینین چۆن دوو کچە هاوڕێی بەلجیکی و هۆڵەندییەك لەسەر هێڵەکە وەستاون و دەستی یەکتریشیان گرتووە و هەر یەکە لە وڵاتەکەی خۆیەتی.







# سەیرترین ڕێجیم

سـالآنێکه ڕێجیم لەلایەن خەڵك بایەخێکی زۆری پێدەدرێ، بۆ ڕزگار بـوون لە کێش و قەڵەوی، هەندێك لەو کەسـانەی کاری ڕێجیم دەکەن، سوودمەند دەبن و هەندێکی دیکەش بە ئەنجامێکی خـراپ بۆیان دەگەڕێتەوە، یەکێك لەو دوو کەسـەی کە توانیان ئەنجامێکی گەورە بەدەسـت بهێنن لەو بوارەدا، ئەو دوو کەسـەن کە کێشـێکی زۆریان داناوە لە ڕێگەی ڕێجیم و نەشـتەرگەری، ئەو پیاوە ناوی (جەستەن شـیڵدۆن)ە لە پێشوودا کێشی (٢٦٨) کیلۆگـرام بووە و ئافرەتەکـەش ناوی (لۆریـن)ە و ئەویش لە پێشـوودا (١٥٤) کیلۆگرام بووە، دوای چەندین کاری ڕێجیم و نەشتەرگەری و توانیان ئەنجامێکی سەیر بەدەست بهێنن و ببن بە یەکێك لە دوو لاوازترین ئەو کەسـانەی کە لە پێشوودا بە قەڵەوی دەبینران، کێشی ئێستا ئەو پیاوە (٩٥) کیلۆگرامە و ئافرەتەکەش (٩٠) کیلۆگرام دەبێت.


دواوە وێنەی بۆڕیەکی مۆدێرنی بەسـتراو لەسەر زەویدا دەبینرێ، ئەمەش پێچەوانەی ناوەڕۆکی فیلمەکەیە، زۆر جاریش هەڵەی وا گەورە دەکـرێ، وادەکەن بەهۆی ئەو هەڵە تەکنیکـی و هونەریانە، ئەو فیلمانە بێبەش بکرێن لـە خەڵاتە گەورەکان، لە فیلمێکـی دیکەدا کە فیلمی کاریبیـان و نورس ئۆف نۆرسـس، کە باس لە بابەتێکی کـۆن دەکات، بەڵام لە یەکەمیان پیاوێك بە جلی مۆدێرن دەردەکەوێ و لەوەی دیکەش وا دیارە کە ئافرەتێك دەیەوێ تەقـە بکات لە پیاوێك، منداڵێکیش لە دواوە گوێچکەی خۆی گرتووە بەر لە تەقە کردنەکە.





# کراسێکی ئافرەتان لە زێڕ

زێـڕ وەك کانزایەکـی بە نرخ لە چەندیـن بـواردا کاری پێدەکرێ، لەوانـە : لە بـواری جوانکاریی ئافرەتاندا – دروست کردنی کەرەستە – یان لـە بواری ئابـووری وەك سامانێکی جێگیرکراو و هەڵگیراو، بـەم دواییەش توانیان سـوود لەو کانزایە وەربگرن بۆ دروست کردنی جلوبـەرگ، لـە وڵاتـی تورکیا لەلایەن زێڕینگرێکی ئەو وڵاتە بە ناوی (ئەحمەد تاکان)، کراسـێکی ئافرەتانی دروست کردووە لە زێڕ، کە نزیکەی (٧٨) هەزار پارچە زێڕی بچووك لە خۆ دەگرێ، نرخی ئەو ئەو کراسـە دەگاتە (١٣٠) هەزار دۆلارە، بەڵام نرخی (١٥٠) هەزار دۆلارە ئەمەش بۆ ماندووبوونی ئەو زێڕینگرەیە، جێگەی باسـە (٨) کراسی لەم جۆرە فرۆشراوە لەلایەن ئـەو زێڕینگرەوە، ئەمەش لە کۆی دروست کردنی (١٠) کراس، تەنیا دووانی ماوە.



# وێنەکان ڕاستەقینەن!

لەم وێنانەدا، چەند شێوەیەکی دروستکراو بە دەست دەبینن، لەلایەن کوڕە گەنجێك کە لە وڵاتی ئیتاڵیا دەژی و بە دەستی خۆی دروست کردووە و تەنانەت دیمەنەکانی وێنەکە وەك وێنەی ڕاستەقینە وایە، وەك ئەوەی وێنەکە بە کامیرا گیرا بێت.



## وتەی ناوداران



**- ئەلبێرت کامۆ، سەبارەت بە خۆشەویستی و عاشقی ڕاستەقینە دەڵێ :**

ئەوەی تۆ بۆم باس دەکەی لە دونیا نایگۆڕمەوە بە تاڵێك لە قژی خۆشەویستەکەم لە دونیا.

# ئافرەتە ڕاستەقینەکە !

زۆر جار لە فیلمە کارتۆنییەکاندا ناهێڵن شێوەی کەسایەتیەکانی مرۆڤ دەربکەون، یان زیاتر بایەخ بە کەسایەتییە کارتۆنییەکان دەدرێ و تەنانەت لە فیلمی کارتۆنی (تۆم و جێری)دا سەری مرۆڤ دیار ناکەوێ، هەروەها لە فیلمی کارتۆنی (جووجەڵە زەرد و پشیلەدا)، شێوەی ئافرەتە ڕاستەقینەکەی ناو فیلمە کارتۆنییەکە دەردەکەوێ،کە ئەمەش وێنەی ئافرەتەکەیە لە ڕاستەقینە و فیلمی کارتۆنی.





## وتە

**-ئەو کاتەی لە دایك دەبیت تۆ دەگریت خەڵك پێدەکەنێت وابکە کە مردی تۆ پێبکەنی و خەڵك بگری.**

## زاخـــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گوڵستان) بوو**

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتاییی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە،
بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (مامۆســـتای کچ بە زمانی عەرەبی لە دوو پیت پێکدێت)
- پیتـــی خانەکانی (٢+٤+١) کۆ بکەیتەوە بـــە مانای (ئامێرێکی میوزیکە و درێژە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئەو کچانەی دڵناســـکن و تاقانەن چی دەکەن)
- پیتی خانەکانی (٢+٣+٤+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (دوا (٤) پیتی وشەی کوردستان)



## یاری پیت ڕیزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی چیایەکی کوردستانت بۆ دەردەچێت :**

ر م ح ن ه ی

**وەڵامی ژمارەی پێشوو : بێخمە**

## نوکتە



- یەکێك بە درۆ خۆی کردبوو بە کوێر و دەرۆزەی دەکرد و دەیگوت من کوێرم و نابینم، یەکێك لێی پرسی چۆن بزانم کوێری و چاوت نابینیێ، ئەویش گوتی: ئەو دارە گەورەیە دەبینیێ؟ ئەوەی دیکەش گوتی بەڵێ: ئەویش گوتم ئێ من نابیینم...

- کوڕێك و کچێك خۆشەویســـت دەبن و پیاســـە دەکەن، لە نـــاکاو باوکی کچەکە بەرامبەریـــان دێ و کچەکـــە دەترســـێ و دەڵێ چی بکەم و چی بڵێـــم ئەوە باوکمە؟ کوڕەکەش دەڵێ: ئەگەر باوکت قسەی کرد بڵێ ئەوە برامە !




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەوانەیە هەنگاوەکانت کۆسپیان بێتە ڕێ و نەتوانیت ئاواتەکانت بێنیتەدی، بـەڵام گـەر ئـارام و هێمنیی خۆت لەدەست نەدەیت، دەتوانیت بەردەوام بیت.




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستیت بەکەسێك دەبـێـت کـە ورەت بەرزبکاتەوەوئامۆژگاریت بـکـات، زۆر ڕەخـنـە لەهاوکارانت مەگرەو برینداریان مەکە، ئەگینا بەتەنیا دەمێنیتەوە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەئەزموونێکی ناخۆش و ئاڵۆز تێپەڕ دەبیت و ناچار دەبـیـت چـارەسـەری هەندێ گرفت بکەیت، کە بەشێوەیەکی کتوپڕ دەردەکەون، بەڵام لەبیرنەکەی تا ئێستا بەخت لەگەڵتدایە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

زۆر دەمـەقـاڵـی و مشتومڕ مەکە چونکە کاتەکە ناسکە، ئەگینا تـووشـی کێشە دەبـیـت و پەشیمان دەبیتەوە، باری تەندروستیشت کەمێك گرفتی تێ دەکەوێتەوە.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەست دەکەیت بەتەنیایت و کەس هاوکاریت ناکات، بۆیە جاروبار خەم دادەگرێت و بێزار دەردەکەویت، باشترە زیـاتـر تێکەڵ دەوروبـەرت ببیت و خەندە بگەڕێنیتەوە سەر لێوانت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لـەکـارەکـەت پاداشت دەکرێیت یاخود دەست خۆشیت لێ دەکرێت، ئە مە ش بەهۆی ڕاستگۆیی و چالاکیتەوەیە، دەرامـەتت کەمێك باشتر دەبێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

باری تەندروستیت باش دەبـێـتـ هـەست دەکەیت هێزو توانات گەڕاوەتەوەو دەتوانیت ڕووبـەڕووی کێشەکەکانت ببیتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بڕوات بەخۆت پتەوبێت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئـەگـەر بـەم شێوەیە بـــەردەوام بـیـت لە بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانت ئـەوا تـووشـی گـلـەیـی دەبـیـت و سەرزەنشتی دەکرێیت، بۆیە بەخۆتدا بچۆرەوە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لەهەوڵ و کۆششدایت، بەڵام هەست بەماندووبوون و هیلاکی ناکەیت، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە باری سۆزداریت تا ڕادەیـەکی باش بەرەو پێش چووە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لــــەگــــەڵ خۆشەویستەکەت یان لـەگـەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستت بەیەك دەگەن و کاتێکی خۆش دەبەنە سـەرو ماوەیەکی باش لەگرفت و خەمەکانت دادەبڕێیت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بـەهـۆی ڕووداوێـــك بـــاری ســـۆزداریـــت دووبـاره دەگەشێتەوەو لەخۆشەویستەکەت نزیك دەبیتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە ورەت بەرزبێت و گەشبین بیت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

مـاوەیـەکـە لەلایەن دۆستەکەتەوە گلەیی و گازاندەت لێدەکرێت، بەهۆی پشتگوێ خستنی لەلایەنی تۆوە، گەر خۆشت دەوێ ئەوا فەرامۆشی مەکە، ئەگینا لەدەستت دەچێت.